# بۆخۆمانە

رۆژنامەی تایبەتی ( هەولێر ) ی ئازیـــز .
لەژمارەی (١) ی رۆژنامە خۆشەویستەکەمان ( هەولێـر- لاپەرە ٣ - پۆستەی خێرای شارەوانی ) گۆشەی (بۆخۆمانە) و پێش نیارەکەی ناونانی شارەوانی بە ( ئەمینداریتی) یم زۆر لاپیرۆزەو چاوەروانین خەمێکی لێ بخون هەرچەنـــدە پسپۆریش نیم لەو بوارە واهەندێ پێشنیارم کەلالە کردوە بەلام بۆ هاریکاری و بەدەنگ هاتنەوەو رون کردنەوەیە بـو بەردەم لێپرسراوان و کەسانی پەیوەندیدار ئومێدم وایــە شتێکم کردبێ بۆ شارەکەمو سوودی گشتی کوردستانیشـــی تێدابـــێ .

علی عزیـــز
کشتوکال و ئاودێری / چاودێری بیرەکان

بۆگەیاندنی ئاوو شورەتی ( هەولێر ) بـــە دونـــــدی شارستانیەت و جۆری شارەوانیەکەی لەپلەی نایاب یا ئەمینداریتی بێ و باراستنی ئەو پایەیەی کە شیاوی ناز ناوی هۆلاکۆشکێن و قەلاو لانەی دەیان کەلەمێردو سەر کردەی لێهاتوی کۆن و نوێی شۆرش و مینبەری دەیـــان زانای ئاینێ ناودارو خواپەرستی و جێ نەزەرگەی سەدان لەخۆبوردووی رێگای رزگاری و هەواری دەیـــان داستانو تەبەردی مەردایەتی و مەلبەندی هونەری رەسەنی ( لاوکو حەیران و رەشبەلەک و راوشکار ) و پشتوپەنای کـــەسو کاری بارزانی‌یە بێ نازەکان و دالدەو دەرگـــــەوالا بـــۆ پاشماوەی ( ئەنفالەکان ) و خانەقاو دیوەخانـــی میوانانی هاتونەهاتی رۆژگاری خۆی و پێتەختی یەکـــەم هەرێمـــی کوردستان بێت ، ئەوا پێویستە گۆرانکاریەکی وا ئەنجام بدەین کە لەخزمەتی مرۆڤی کورد دابێ لە هەلسو کەوتو بەرێوەچونی کاروبار لەدەزگا رەسمی‌یەکانی دەولـەتو دامو دەزگا خزمەت گوزاری‌یەکان ، داهێنانێک دابهێنن کـــەوا رەنگ دانەوەیەکی ئاشکرای تێدا بەدی بکرێ لەگـــــەلٚ سەردەمی بەعسی‌یان ، هەلبەتە لای هەمووان روونـــە کـــە ئەوان هەموو شتێکیان لەپیناو مەرامی تایبەتـــی خۆیـــان دادەکرد ، دیارە ئەوەش نە تەنها ئەرکی شارەوانی‌یـــــە بەلکو ئەرکی هەمو لایەکە ، بەرای من بۆ ئـــەو کـارەش پێویستیمان بەدوو نەخشەی دارێژراو هەیە ، یەکەمیـــان نەخشەیەکی بەپەلەو دووەمیان نەخشەیەکی کاوە خــــۆو دور ئەنجـــام .

نەخشەی یەکەم :

١- هەلبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی و گەرەکەکـــان و دانانی یاساو فەرمان و دەسەلاتی دیاری کراو بۆیان .

٢- هەلوەشاندنەوەی هاتوچۆ ( سەیر ) ی ناوشار وەکـــو خۆی لێ بێتەوە .

چونکە ئەوەی کراوە بۆ پێشکەوتنی شارەکەمان نەبـــوو بەلکو لەترسی گورزی پێشمەرگە بوو سەیر : لەنافورەرا بۆ نادی و بن قەلات و دادگاو سوراتەوە بەدەوری پاریزگـــاو سینەما صلاح‌الدین ، جا لەوێوە ج بۆ شێخی چۆلی بـــێ ج بێتەوە باتاو .... هتد.

٣- قەدەغەکردنی وەستانی ئوتۆمۆبێلی تایبەتـــی لەناو شارو پێش چێشتخانەکان تەنانەت ژێر پردەکەی قەلاتیـــش با خاوەن ئوتۆمۆبێلەکان وەکو خەلکەکەی تر نەختێک بەپیا برۆن و لەشوێنێکی وەک تەنیشت کتێبخانەی گشتـــی‌و شوێنی بن لەیلوکان ) پارچە زەوی‌یەکی باش بۆ وەستانی ئوتۆمۆبێلی تایبەتیش لێ تەرخان بکرێ .

٤- دەست کردن بەتەخت کردنی شوێنە ( بن لەیلوکـان رزگارکردنی ئاپورەی حەشامەتی ( شێخ‌الله ) لەدەســـت راوەراوی پۆلیســان ماندوبونی هەمو لایەک و پاکژکردنەوەی شوێنەواریان .

٥- بیرکردنەوە لەتەرخان کردنی شوێنی پاصەکان کـــــە بەستنەوەی خواروو سەروو رۆژهەلات و رۆژئاوای شـــاری تێدا بەدی بکرێ ، تاخەلکی بەئاسانی بتوانن بەیەکســـەر یان دوسەر بەلام پیادەروی تێدانەبی وەکو ئێستا خەلکـــی ئازادی و کوران دەبێ لە ( بنزین خانە)وە بەپێ بچنـــە پارێزگاو طاپۆو دادگاو پزیشکان ، بەلام خەلکی شـــۆرشو سەرەوە لەیەک سەفەر دووجار بەیەک شوێن دادەرۆن ( لـــە خاوەن ریمەکان بپرسن ) .

٦) کرین و فرۆشتنی خانوبەرەو زەوی و زارو ئوتومۆبیل نەختێک ئاسان بکری ، ئەگەر هەر کەسێک خۆی بەرپرسیار بێ بەرامبەر یاساو سزادانی تیدابیت پیویست بەو هەموو ( مەزبەتەو پوول و هاتوچوونو ماندوبونە ناکا ) .

٧) نرخاندنی کەلوپەلی خومالی و خواردن و ســـــەوزەو تەرەی وەرزی لەژێر نەخشەو چاودێریەکی زانستی بەرێوە بچـــن .

٨) کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ روشنبیـــــری لەگـــەلٚ جەماوەرداو بەسەرپەرشتی راستەوخۆ لەگەلٚ پارێزگـــــاو ئاسایش و شارەوانی و .... هتد .

٩) کلیلی دەرگای ئەمینداریتی ( شار) بازگەکانــــــــن ( سیطرە ) پێویستە خەلکی لیهاتوو وروشنبیری تیـــدا دانرێن چونکە بەداخەوە هەندێکیان وەک فاشی‌یەکـــــان رەفتار دەگەل خەلکی‌دا دەکـــەن .

١٠) چارەسەری ریشەیی بۆ ئەوانەی مەروماڵتیان لەشار دا هەیە ، ئەویش بە تەرخان کردنی شوێنێکـــــی تایبەتی وەکو ( گەرەک ) و پێدانی زەوی‌یەکی گونجاو لەدەرەوەی - شار و کۆنترۆل کردنیـــان .

١١) تەرخان کردنی مانگی یەک رۆژ بۆ کاری هەرەوەزی- لەسەرجەم دامودەزگا دەولەتی‌یەکان بۆ :

آ) پاکوخاوینی کۆلان و شەقامو قوتابخانەو نەخوشخانـــەو دایەرەکان بەگشتی .

ب ) چاککردنەوەی ئامێرو کەرەستەکان .

ج ) گەیاندنی ئاوو کارەباو قیرو چەوکردنی شوێنـــــــی پێویست و پرکردنەوەی کەندو زەلکاوەکان .

١٢) لەکاتی ناونانی گۆرەپان و قوتابخانەو شەقامەکـان رەچاوی هەمو پارچەکانی تری کوردستان بکرێ لەسەرکردەو شەهیدو روشنبیرو لیهاتوەکان دا .

نەخشەی دووەم : دانانی پلانی تایبەتی و گشتی بـــۆ هەولێرێکی تازەو هاوچەرخ بەتایبەتی لەو زەوییانەی کـــە لەسەربازگەکە دەمینێتەوە پاش ئەوەی مافـــی خەلکـــی گوندەکانی دەوروبەری لەسەر نەما وەک :


١) دەزگای دەولەتی ، ئێستگەو تلفزیون و شوێنی گەشت و گـــوزار .

٢) نەخشەی ئاووکارەباو بۆری غازو شەقامی بەریـــــن و گۆرەپانی گشتی و یانەو باریکای گشتی تێدا بن بەهێلـــی شەمەندەفەرو پردی هاتوچۆی خێرا پێک ببەسترێنەوە .

٣) هەولدان بۆ هێنانی کارگەی پیشەسازی تر بـۆ ئـەوەی، سوود لە بەرهەمەکانی دەوروبەر وەربگیرێ وەک : کارگەی رونی خواردن ، دۆشاوی تەماتەو ترێ و مرەباو ... هتـــد.

٤) تەرخان کردنی لایەک بۆ گورەپانێکی جیهانی بۆ وەرزش تیایدا رەچاوی یانەو مەلەوانگەو هۆلی گشتی تێدا بن .

هەولێر ١٩٩٣/١/٢



دیمەنی شاری هەولێر
دروستکردنی هونەرمەنـــد
خالد سلیمان سمایـــل

## خۆزگە

* خۆزگە کرێکارەکانی شارەوانی و کارەباو زێرابەکـــانو تەلەفون ، جلوبەرگی تایبەتیان لەبەر دەکرد ، بەمـــەش خەلکی لەکاتی ئیشکردنیاندا لەگەلٚ هێزی ( ئار ، ئـــار) لێکیان دەکردنـــەوە .

* خۆزگە مەسەلەی پێنج بەحەوت و دە بـــە چـوارده چارەسەرێکی خێرای بۆ دەکرا ، چونکە ئەمە زیانێکی زۆربە هاوولاتیان دەگەیەنـــێ .

* خۆزگە هەندێ لە ( سکنی ) ریمەکان رەوشتی جوانیـــان دەبوو و قسەی شیرینیان لەگەلٚ نەفەرەکان دەکرد ، دیـــارە شوفێرەکان بەئەنقەست ئەو سەکنانە هەلدەبژێرن تابتوانن پارە لەگەروی شێر دەربێنن .

ئەندازیـــــار
یـــار بابـــان

هەواڵنامەی کتێب

